پەیامە پەروەردەیی و ئاکارییەکان لە گەشەپێکردنی منداڵدا (شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت بە نموونە)

پ.د. دیار فایەق مەجید[1]، پ.ی.د. کاوە اسماعیل عبدالله[2]
١م بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، عێراق، Diyar.faeq@garmian.edu.krd.
٢م بەشی زمانی عەرەبی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، عێراق، Kawa.ismail@garmian.edu.krd

نووسەری پەیوەندیکار: پ.د. دیار فایەق مەجید*

پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە پەیامە پەروەردەیی و ئاکارییەکانی شیعری منداڵان لە هۆنراوەکانی شاعیر (لەتیف هەڵمەت)دا، کە بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی گەشەکردنی کەسایەتی منداڵ لە ڕووی مەعریفی و ڕەفتاری و سۆزداریەوە دادەنرێت. توێژینەوەکە لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە شیعری منداڵان لەلایەن شاعیرەوە سنووردار نەکراوە بۆ ڕەهەندی جوانی و خۆشی، بەڵکو ئەرکێکی پەروەردەیی و ئەخلاقی ڕوونی لە ئەستۆدایە، بە شێوازێکی هونەریی ساده و کاریگەر بەشداری لە بنیاتنانی سیستەمی بەها لە منداڵدا دەکات.

لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە هۆنراوەکانی شاعیر ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە کەمکردنەوەی ترس، فشاری دەروونی، و هەستە نەرێنییەکان، چونکە منداڵ لە ڕێگەی شیعر و گۆرانییەوە دەتوانێت هەستەکانی خۆی دەربڕێت و ئارام ببێت، هەروەها توێژینەوەکە پشتگیری ئەوە دەکات کە شیعری منداڵان تەنها ئامرازێکی هونەری نییە، بەڵکو ئامرازێکی کاریگەرە بۆ پەروەردەی ئەخلاقی، گەشەپێدانی دەروونی، و دروستکردنی کەسایەتییەکی هاوسەنگ بۆ منداڵان.

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی شیکاری ناوەرکە، کە خوێندنەوەی نمونەی دیاریکراوی تێکستەکانی شاعیر کە ئاراستەی منداڵان کراون و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەروەردەیی و ئاکارییان وەک: بەهاکانی ڕاستگۆیی، هاریکاری، ڕێزگرتن بۆ ئەوانی تر، خۆشەویستی سروشت و ئینتیمای مرۆڤ. یەکێك لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە بەدەستی هێناوە ئەوەیە: شیعری منداڵانی لەتیف هەڵمەت مۆدێلێکی سەرکەوتووە لە بەکارهێنانی هونەر بۆ خزمەتکردنی پەروەردە و جەخت لەسەر گرنگی تێکەڵکردنی هەردوو لایەنی جوانی و پەروەردەیی دەکاتەوە لە دروستکردنی ئەدەبیاتی تایبەت بە منداڵان.

وشە کلیلییەکان: پەروەردە، ئاکار، شیعری منداڵان، لەتیف هەڵمەت .

پێشەکی

ئەدەبی منداڵان یەکێکە لە گرنگترین ئامرازە کولتووری و پەروەردەییەکان کە بە شێوەیەکی کارا بەشدار دەبێت لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵ و گەشەپێدانی تواناکانی فیکری و دەروونیی، چونکە ڕۆڵەکەی تەنها لە چێژ و خۆشی پێدان ناوەستێت، بەڵکو دەبێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ چاکسازی و چاندنی بەها ئاکارییەکان و جێگیرکردنی بنەما پەروەردەییەکان لە ڕێگەی پەیامی ئامانجدارەوە، ئەم جۆرە ئەدەبە ڕێنمای هەڵسوکەوتی منداڵ دەکات و هاوکاری دەبێت بۆ گەشەپێدانی هۆشیارییەکەی بەرامبەر بە جیهانی دەوروبەری.

شیعر بۆ منداڵان شوێنێکی تایبەتی هەیە لەم بوارەدا، چونکە بە زمانێکی ڕەنگاوڕەنگ و وێنەسازیی خەیاڵی دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەست و نەست و جەستەی منداڵ دروست بکات و سەرنجی بەرز بکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، شاعیری کورد لەتیف هەڵمەت وەک یەکێک لە دیارترین شاعیرانی ئەدەبی منداڵان دەردەکەوێت، کە دەقەکانی پڕن لە پەیامە پەروەردەیی و ئاکارییە جۆراوجۆرەکان، کە ڕوانگەی مرۆڤایەتی و هەوڵی بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی هۆشیار و بە بەها پێشان دەدەن. لەسەر ئەم بنەمایە، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە سروشتی پەیامە پەروەردەیی و بەها ئاکارییەکان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا لە ڕووی پەیامەوە شیکاریی بکات و ڕۆڵیان لە گەشەپێدانی کەسایەتی منداڵ بە پێی نموونە هەڵبژێردراوەکان ڕوون بکاتەوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ڕۆڵی ئەدەب لە پرۆسەی پەروەردەیی ڕوون دەکاتەوە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ یەکێک لە نموونە گرنگەکانی ئەدەبی منداڵانی کوردی پێشکەش دەکات، کە تیگەیشتنمان لە پەیوەندی نێوان هونەر و پەروەردە بەهێز دەکات لە دروستکردنی هۆشیاریی منداڵ و بنیادنانەوەی داهاتووی.

ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی شیکاریی ناوەرۆک (Content Analysis Method) دەبەستێت. لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردن و پۆلێنکردنی پەیامە پەروەردەیی و ئاکارییەکان لە شیعری منداڵانی شاعیر لەتیف هەڵمەتدا، ئەم میتۆدە ئامرازی پێویشتمان پێ دەبەخشێت بۆ پۆلێنکردنی دێڕ و وێنە شیعرییەکان بۆ سەر ڕەهەندە پەروەردەیی و ئاکارییەکان. هاوکات لە هەندێک بڕگەدا بە پێویست زانراوە سوود لە لایەنی وەسفی وەربگیرێت بۆ خستنەڕووی زەمینە و چوارچێوەی گشتیی دەقەکان پێش چوونە ناو شیکاریی وردی ناوەڕۆکەکەیان.

بەم شێوەیە، ئەم مێتودۆلۆژیایە هەوڵ دەدات خوێندنەوەیەکی زانستی و تەواو پێشکەش بکات کە ڕۆڵی شیعر لە چاندنی بەها و گەشەپێدانی هۆشیاریی منداڵ ڕوون بکاتەوە، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی وەسفێکی ورد و شیکارییەکی قوڵ بۆ دەقە هەڵبژێردراوەکان.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12624]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

توێژینەوەیەکە لە پێشەکی و دوو تەوەر پێکهاتووە بەم شێوەیە: تەوەری یەکەم بە ناونیشانی چەمکی پەیامی پەروەردەیی و ئاکارییە و تێیدا تیشك خراوەتە سەر چەمك و پێناسەی پەیامی پەروەردەیی و چەمکی بەها ئاکارییەکان لە ئەدەبی منداڵدا، هەروەها تەوەری دووەم بە ناونیشانی پەیامی پەروەردەیی و ئاکاریی لە شیعری لەتیف هەڵمەت دایە و تێیدا شیکردنەوە بۆ کۆمەڵێك پەیامی پەروەردەیی و ئاکاریی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت بە ئەنجام گەیەنراوە، ئەوانیش بریتین لە: فێرکردنی ڕەوتی دروست، تەندروستی و ژینگە، بەرپرسیارێتی، مافی منداڵە. لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە بە دەستی هێناون، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان خراونەڕوو.

تەوەری یەکەم: ئەدەبی منداڵان و پەیامە پەروەردەیی و ئاکارییەکان

1. پێناسەی ئەدەبی منداڵان

ئەدەبی منداڵان بەرهەمێکە بە زمانێکی گونجاو بۆ تەمەنی منداڵ پێشکەش دەکرێت و تێیدا چێژ و سوود ئاوێتە دەکرێن و یارمەتیدەرە لە بنیاتنانی کەسایەتی لە ڕووی کولتووری و ئەخلاقییەوە، بە واتەیەکی دیکە "هەموو شتێک کە وەک کارێکی ئەدەبی بە ئەنقەست پێشکەش بە منداڵ دەکرێت و تایبەتمەندییەکانی گەشەکردنیان لەبەرچاو دەگرێت و ئامانجی دڵخۆشکردن و ڕۆشنبیرکردن و پەروەردەکردنیانە."(یوسف، 1994: 15) لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت کە پەیامی پەروەردەیی ڕێکەوت نییە، بەڵکو ئامانجێکی سەرەکییە لە نووسین بۆ منداڵ.

لە یەکێك لە پێناسەکانی دیکەدا هاتووە ئەدەبی منداڵان" کۆمەڵە بەرهەمێکن کە بەپێی زەوق و گەشەی منداڵان لە لایەن گەورە سااڵنەوە دێتە بەرهەم کە بریتییە لە چیرۆك، ئەفسانە، شیعر، مەتەڵ بۆ منداڵان کە هەوڵێکی هونەرمەندانەیە لەچوارچێوەی کەلامدا، کە بە زمان و شێوازێکی شیاو کە لە ئاستی فام و تێگەیشتنی منداڵاندا بێت.) (ابراهیمی، 1389: 37) ئەم پێناسەیە ئەدەبی منداڵان وەک سیستەمێکی تەواو پیشان دەدات کە لە ژانرە جیاوازەکان پێکدێت، لەلایەن گەورەسااڵنەوە بە شێوەیەکی هونەری فەراهەم دەکرێت و بە زمان و شێوازێکی گونجاو بۆ ئاستی تێگەیشتنی منداڵان پێشکەش دەکرێت بۆ بەجێهێنانی ئەرکە پەروەردەیی و جوانکارییەکان.

لەم ڕووەوە بەرزنجی دەڵێت: "ئەدەبی منداڵان بریتییە لەو بەرهەمە هونەرییانەی کە بیر و ئەندێشەی وا دەخەنە ڕوو کە لەگەڵ پەیێبردنی منداڵدا بگونجێت، ئەمەش گەڵێ چەشن دەگرێتەوە، چیرۆك، شیعر، شانۆ، وتار و گۆرانی."(بەرزنجی، 2010: 12)

پێناسەی شیعری منداڵان و تایبەتمەندییەکانی

شیعری منداڵان جۆرێکە لە ئەدەبی شیعری کە بۆ منداڵان ئاراستە دەکرێت، و تایبەتمەندە بە زمانێکی سادە و ڕوون و ئاوازێکی موزیکیی سەرنجڕاکێش و وێنەسازیی خەیاڵی نزیک لە جیهانی منداڵ و ژینگەکەی، بە ئامانجی چێژ وەرگرتن و گەشەپێدانی هەستی جوانیناسی، هەروەها چاندنی بەها پەروەردەیی و ئاکاری لە ناخیدا. واتە "شیعرێکە کە بە تایبەت بۆ منداڵان نووسراوە و بە سادەیی زمان و بەهێزی ئاواز و سەرنجراکێشی خەیاڵی دەناسرێت، بۆ ئەوەی تواناکانی زمانی و هەستی پەرەپێبدات".(Hunt, 1995: 230)، واتە مەبەست لەم جۆرە بەرهەمە بەرزکردنەوەی تواناکانی منداڵانە. لەم ڕووەوە هەورامی دەربارەی تایبەتمەندیی شیعری منداڵان دەڵێت: "دەبێت لە ئاستی ئەو قۆناغەدا بێت، کە ئەو منداڵەی تێدایە، سادە، سانایی، بەڵام کاریگەر و بەچێژ بێت لەبارەی زمان و دارشتن و فۆرمەوە گونجاو بێت، پێتەکانی چ کێش و سەروادار بن، یان ئازاد و مۆسیقادار بن دەبێت لە بڕگەی کورت پێکهاتبن، لە سامانی زمانی منداڵانەوە وەرگیرابن" (هەورامی، 2010 :120)، لەم ڕشتەییەی هەورامیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی منداڵان دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:

1. سادە و سانایی، بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێت بە ئاسانی پەیامە پەروەردەیی و ئاکارییەکان وەربگرێت .
2. کاریگەر و بەچێژبێت .
3. گونجاوی زمان و دارشتن و فۆرم، بەپێی تەمەن و قۆناغی گەشەی منداڵ گونجاو بێت .
4. ئاوازی شیعری پێویستە کورت بن.

2. پەیامی پەروەردەیی

مەبەست لە پەیامی پەروەردەیی لە ئەدەبی منداڵاندا بریتییە لە ناوەڕۆکی بەهایی، یان مەعریفی، یان ڕەفتاری، کە دەقی ئەدەبی دەیەوێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ویژدان و مێشکی منداڵدا بیچێنێت لە ڕێگەی پێکهاتەیەکی جوانی سەرنجڕاکێشەوە، کەواتە پەیامی پەروەردەیی بریتییە لە کۆی ئەو بیرۆکە و ئاراستە و ڕێنماییانەی نووسەر هەوڵدەدات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی چیرۆك، شیعر یان شانۆوە بگەیەنێتە منداڵ. "ئەم پەیامە ئامانجی پەرەپێدانی لایەنی زانستی، هەستی و ڕەفتاری منداڵی هەیە".(وطفة، 2011: 409) هەر لەم ڕووەوە توێژەر (ئەحمەد نەجیب) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە "ئەدەبی منداڵان ئامرازێکی پەروەردەییە پێش ئەوەی ببێتە هونەرێکی پاک، چونکە لەگەڵ خێزان و قوتابخانە بەشداری دەکات لە بنیاتنانی کەسایەتی منداڵدا".(نجیب، 1991: 22) کەواتە، پەیامی پەروەردەیی خۆی لەم خاڵانەدا دەنوێنێت:

- بەهێزکردنی لایەنی مەعریفی
- بڕەودان بە هەڵوێستی ئەرێنی
- هەڵسوکەوتی ڕێنیشاندەر
- بنیاتنانی کەسایەتییەکی هاوسەنگ
- "سادەیی و ڕوونی لە دەربڕین.
- گونجاو بوون بۆ ئاستی تێگەیشتن و تەمەنی منداڵ.
- دووربوون لە وانەدان و ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆ". (یوسف، 1994: 41)

3: پەیامە ئاکارییەکان

ئەگەر بمانەوێت چەمك و پێناسەی بەها ئاکارییەکان لای منداڵمان بۆ ڕوون ببێتەوە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ بۆچوونی شارەزایانی بوارای ڕەخنە و پەروەردە، چونکە بەها ئاکارییەکان ئەو بنەما و ڕێسایانەن کە ڕەفتاری تاك لە ناو کۆمەڵگەدا ڕێك دەخەن، وەك ڕاستگۆیی، ئامانەتداری، هاوکاری و ڕێزگرتن لە کەسانی تر. "لە ئەدەبی منداڵدا ئەم بەهایانە لە ڕێگەی کارەکتەر و ڕووداو و وێنەی هونەرییەوە دەچێنرێن" (یوسف، 1994: 41)، بە واتایەکی دیکە ئەو ڕێنمایی و فێرکارییانەیە کە لە چیرۆک، هۆنراوە و

گۆرانییەکانی منداڵاندا دەردەکەون و یارمەتی دەدەن منداڵ باشتر بزانێت چۆن هەڵسوکەوت بکات.
"منداڵ بەها لە ڕێگەی خەیاڵی هونەرییەوە وەردەگرێت زیاتر لە ئامۆژگاری ڕاستەوخۆ"(القلماوي، 1988: 41)، هەروەها ڕەخنەگری عەرەبی (محمد غنيمي هلال)، سەبارەت بە بەهاکان لە چوارچێوەی ئەدەبدا بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێت: "ئەو بنەما و پێوەرانەن کە هەڵسوکەوتی مرۆڤی پێی هەڵدەسەنگێنرێت، کە لە ئەدەبیاتدا جەختی لێوە دەکرێت و هەوڵ دەدات لە وێژداندا بیچەسپێنێت".(هلال، 1973: 312)
کاتێک ئەم چەمکە لە ئەدەبی منداڵاندا جێبەجێ دەکرێت، بەها ئاکارییەکان دەبن بە ئەمانەی خوارەوە:

- ڕاستگۆیی
- متمانە بەخۆبوون
- هاوکاری
- ڕێزگرتن
- خۆشەویستیی نیشتمان
- بەزەیی

ئەمە مانای ئەوەیە کە بەها ئاکارییەکان لە دەقی ئەدەبی منداڵاندا دەبێت تێکەڵ بە ڕووداو یان وێنەی شیعری بێت و لە ڕێگە ی مۆدێلێکی ڕە فتاری پۆزەتیڤانە وە پێشکە ش بکرێت، هەروەها دووربێت لە وتاری ڕاستەوخۆ.

4: کاریگەری شیعری منداڵان لەسەر گەشەی دەروونی و هەڵسوکەوتی منداڵ

- **کاریگەری لەسەر گەشەی دەروونی**

شیعری منداڵان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی هاوسەنگی دەروونی. ئاواز و ڕیتمی شیعر هەستێکی خۆش و ئارام لە ناخی منداڵدا دروست دەکات و یارمەتی دەدات هەستەکانی بە شێوەیەکی جوان دەربببڕێت (عبد الله، 2001: 88)، هەروەها، شیعر خەیاڵ و هەستی جواناسی پەرەدەسێنێت و متمانە بەخۆبوون زیاد دەکات، بە تایبەتی کاتێك منداڵ خۆی لە ناو بابەتەکاندا دەبینێتەوە.

- **کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت**

شیعری منداڵان بە تەنیا کاریگەریی دەروونی نییە، بەڵکو لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتیش کاریگەری هەیە. ئەو شیعرانەی باس لە هاوکاری، ڕێزگرتن، خۆشەویستی نیشتمان و دووڕکەوتنەوە لە تونددوتیژی دەکات، ئاراستەیەکی باش بۆ ڕەفتاری منداڵ دروست دەکات.(راغب، بد: 63) بەو واتایەی کاتێك بەهاکان لە چوارچێوەیەکی شیعریی پێشکەش دەکرێن، کاریگەرییان زیاتر و بەردەوامتر دەبێت، چونکە وەرگرتنەکە لە ڕێگەی هەست و چێژەوە دەبێت، نەك تەنیا لە ڕێگەی فێرکردنی ڕاستەوخۆ.

تەوەری دووەم: پەیامی پەروەردەیی و ئاکاریی لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا

شیعری منداڵان بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ گەیاندنی پەیامی پەروەردەیی و ئاکاری، چونکە ڕێگە بە منداڵ دەدات بە شێوەیەکی سادە و سەرنجڕاکێش کارلێک لەگەڵ زمان، خەیاڵ و بەها مرۆییەکان بکات. شیعری شاعیر لەتیف هەڵمەت بە نموونەیەکی بەرچاو دادەنرێت لەم بوارەدا چونکە چێژی هونەری و سوودی پەروەردەیی تێکەڵ دەکات و پشت بە زمانێکی ڕوون و وێنەی خەیاڵیی سەرنجڕاکێش و ڕیتمی مۆسیقایی سەرنجڕاکێش دەبەستێت. ئەم تەوەرە تیشک دەخاتە سەر پەیامە پەروەردەیی و ئاکارییەکان لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا و چۆنیەتی گواستنەوەی بەها ئاکارییەکان و هاندانی هەڵسوکەوتی پۆزەتیڤ و گەشەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سۆزداری لە منداڵاندا لەگەڵ کاریگەریی شیعر لە شێوەکردنی کەسایەتی منداڵ و ئاراستەکردنیان بەرەو بەهای مرۆیی و پەروەردەیی و ئاکاری، هەربۆیە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت جیاواز بوون بەوەی کە بە شێوەیەکی سادە و سەرنجڕاکێش، گونجاو بۆ جیهانی منداڵ، بەها پەروەردەیی و ڕەفتارییەکان دەچەسپێنن. لە خوارەوە گرنگترین ئەم بەهای دەخەینە ڕوو:

یەکەم: مافی منداڵ و بەرپرسیارێتی

لەتیف هەڵمەت لە هۆنراوەی (مافی منداڵ)دا دەڵێت:

کامەیە مافی منداڵ
کامەیە مافی منداڵ
نووستنی بەر باران و سواڵ
یان جگەرە فرۆشتن
یان لەسەر جادە خەوتن
یان بێبەش بوون لە خوێندن
لێدان و سەرکوت کردن
ژینی ناخۆشتر لە مردن
یاوەکو لەڕێ – کوشتن
ئەمەیە مافی منداڵ!
ڕۆژی تار و شەوی تاڵ
هاوارە هاوار دادگا
بە فریای منداڵ بکەوە
مافی ڕەوایان دابین کە
ژینیان پڕ لە پێکەنین کە (هەڵمەت: ل433)

دەقەکە ڕەنگدانەوەی دیدێکی مرۆڤدۆستی بەهێزە کە پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان بە ئازاری زۆرەوە دەبەستێتەوە و جەخت لەسەر پێویستی پاراستنی منداڵان لە هەر جۆرە نادادپەروەرییەک دەکاتەوە. ئەم دەقە وەک ئامرازێکی پەروەردەیی خزمەت دەکات بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگا سەبارەت بە گرنگی مافەکانی منداڵان و کاریگەری بێبەشکردن لە پەروەردە و تونددوتیژی لەسەر گەشەی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی منداڵ دەردەخات، هەروەها تێگەیشتنی منداڵان و پەروەردەکاران لە بنەماکانی مرۆڤ وەک کەرامەت و دادپەروەری و پاراستن لە چەوساندنەوە بەهێز دەکات.

لەتیف هەڵمەت لە هۆنراوەی (تۆ)دا دەڵێت:

تۆ منداڵی
کەواتە تۆ
خاوەن ئەندێشە و خەیاڵی
....
تۆ ساوای کەواتە تۆ خاوەن خەون و هیوای
...
تۆ زارۆڵەی
کەواتە تۆ
شەیدای ئەم خاك و خۆڵەی
...

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12624]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

تۆ خۆنچەی
کەواتە تۆ
هاوڕێی گوڵزار و باخچەی
منداڵ... سارا
زاڕۆڵە... خونچە
زەوی دەکەن بە باخچە (هەڵمەت: 285)
دەقەکە بەدەوری بەهای منداڵ و ڕۆڵی لە ژیاندا دەخولێتەوە و وەک بوونەوەرێکی داهێنەر نیشانی دەدات کە مانایان لەخۆ دەگرێت: هزر و خەیاڵ، خەون و هیوا، خۆشەویستی و ئینتیمابوون بۆ خاک، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە منداڵ بوونەوەرێکی لاواز نییە، بەڵکو وزەیەکی بنیاتنەرە کە توانای گۆڕینی جیهانی هەیە.
دەقەکە متمانە بەخۆبوونی منداڵ زیاد دەکات بە دووپاتکردنەوەی تایبەتمەندییە پۆزەتیڤەکانی و ئەو بیرۆکەیە بەهێز دەکات کە هەر قۆناغێکی تەمەن بەهای خۆی هەیە (منداڵ، ساوا، بچووک، خونچە) و پەروەردەکردن بە خۆشەویستی و خەیاڵەوە دەبەستێتەوە، نەک تەنیا بە فێرکردن.
منداڵ پەیوەندی بە سروشتەوە هەیە: (خاک، خاک، باخچەکان، باخچەکان) و منداڵ وەک توخمێکی چاککردنەوە و بنیاتنان نیشان دەدات و دەڵێت: ئەوان زەوییەکە دەکەنە باخچە، ئەمەش خۆشەویستی بۆ ژینگە و ئینتیمابوون بەرز دەکاتەوە.
لەتیف هەڵمەت لە هۆنراوەی (دایکم)دا دەڵێت:
دایکم گلارەی چاومە
هێزی دڵ و هەناومە
دەست و چاوم دەشۆڕێ
جل و بەرگم دەگۆڕێ
فێرم دەکا دڵپاك بم
سەلار و هاوڕێی چاك بم
وانەکانم بخوێنم
بە نەرمی خەڵك بدوێنم
لە قوتابخانە و لە ماڵ
شەڕ نەکەم لەگەڵ منداڵ
ڕاستگۆبم ڕەوشت جوانبم
دڵسۆزی کوردستان بم (هەڵمەت: ل8)
دەقەکە سەرنجی سەرەکی لەسەر بەرپرسیارێتی تاکەکەسیی منداڵ دەکات بە شێوەیەکی ڕوون: چۆنیەتی پاکبوونی دڵ و ڕەفتاری باشی منداڵ (فێرم دەکا دڵپاک بم، سەلار و هاوڕێی چاک بم)، واتە فێربوونی منداڵ بۆ ئەوەی مرۆڤێکی باش و هاوڕێی باش بێت .
دەقەکە پەیوەندیارکردنی بەرپرسیارێتی بەرەو کۆمەڵگە و قوتابخانە دەکات:

- ڕێزگرتن لە خەڵک و نەرمونیانی لە هەڵسوکەوتدا: بە نەرمی خەڵک بدوێنم، شەڕ نەکەم لەگەڵ منداڵ .
- پاراستنی ڕەفتار باش و ڕاستگویی: ڕەفتارێکی ڕێزدار لە قوتابخانە و ماڵ دەردەکەوێت و ئەمە بەرپرسیارەتی منداڵ لە کۆمەڵگە پیشان دەدات .

دەقەکە بەرپرسیارێتی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی پەیوەندیدار دەکات بە هەستی خۆشەویستی نەتەوەوە:

- دڵسۆزی کوردستان بم، ئەوە پیشان دەدات کە بەرپرسیارێتی منداڵ تەنیا بۆ خۆی یان کۆمەڵگە نییە، بەڵکوو بەرەو نەتەوە و ناوچەی خۆی دەچێت .
- ئەمە هەستی پیوەندیداری و پشتگیری بۆ وڵات لە منداڵدا دروست دەکات لە تەمەنێکی کەمدا.

دەقەکە نموونەیەکی سەرکەوتووی شیعری پەروەردەییە بۆ چاندنی بەرپرسیارێتی لەلای منداڵ لە چەند بوارێکدا: بەرپرسیارێتی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، و نەتەوەیی. زمانێکی سادە و وێنەی نزیک لە ژیانەوە نموونەکان بەکارهێناوون.
لەتیف هەڵمەت لە هۆنراوەی (پرسیار لە منارْ)دا دەڵێت:
چیتان دەوێ منالەکان
نان و ئاشتی بۆ گشت جیهان
چیتان دەوێ زاڕۆڵەکان
پارێزگاری باڵندەکان
چیتان دەوێ وردیلەکان
قوتابخانە بۆ گوندەکان
چیتان دەوێ منداڵەکان
ئیشوکار بۆ دایك و باوکان
زاڕۆڵەکان چیتان دەوێ
ئاشتی و سەربەستیمان دەوێ (هەڵمەت: 312)
تێکستەکە سەر بە بواری شیعری پەروەردەیی-مرۆڤایەتییە، چونکە لە ڕێگەی دەنگی منداڵەوە باسی کێشە سەرەکییەکان دەکات، وەک: ئاشتی جیهانی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، مافی پەروەردە و مافی کاری شکۆمەندی. ئەوەی تێبینی دەکرێت شاعیر جێناوی کۆ بەکاردەهێنێت (ئێمە دەمانەوێت) بۆ گۆڕینی دەنگی منداڵ بۆ دەنگێکی مرۆڤی کۆمەلایەتی کە ڕەنگدانەوەی ئاواتەکانی هەموو کۆمەڵگایە.
دەقەکە لەسەر بنەمای گفتوگۆی پرسیار و وەڵام دامەزراوە:
پرسیار: "چیت دەوێت؟"
وەڵام: "ئێمە دەمانەوێت"...
ئەم تەکنیکە چەند ئەرکێک خزمەت دەکات:
-بەشداری کردنی خوێنەر لە دروستکردنی مانا.
-زیادکردنی ڕەهەندێکی دراماتیکی کارلێکراو.
دەقەکە ڕەنگدانەوەی سیستەمێکی یەکخراوی بەها پەروەردەییەکانە: بەهای ئاشتی وەک پێداویستییەکی بنەڕەتی مرۆڤ، بەهای کاری پەیوەست بە کەرامەتی خێزان، بە های پە روەردە وەک مافێکی سەرەتایی منداڵ و بەهای بەزەیی لە ڕێگەی پاراستنی باڵندەکانەوە (درێژکراوەی ئەخلاقی ژینگەیی). بەم شێوەیە، دەقەکە یارمەتیدەرە لە بنیاتنانی کەسایەتی منداڵ کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە هۆشیار بێت.
لەتیف هەڵمەت لە هۆنراوەی (فڕین)دا دەڵێت:
- فڕی فڕی کەرۆیشك فڕی
سنووری ئاسمانی بڕی
+ کەرۆیشك نافڕی نا نا
بازدەدا و ڕا دەکا
- فڕی فڕی گوڵ فڕی
بەرەو ئاسمان بە کپی
+ گوڵ بێ باڵە نافڕێ

لەسەر لقی دار دەنوێ
- بوکە شوشەکەم دەگری
دەگری دەگری بۆ دایکی
- بوکە شووشە دایکی نییە نازانی دایك چییە
بە دریژایی ڕۆژ و ساڵ پێدەکەنێ بۆ منداڵ
منداڵەکانیش دەبێ
ئەویان زۆر زۆر خۆش بوێ (هەڵمەت: 244)

دەقەکە لەسەر بنەمای پێکهاتەیەکی دیالۆگی پەروەردەیی دامەزراوە کە پشت دەبەستێت بە:

لێدوانی خەیاڵی (منداڵ/خەیاڵ)
ڕاستکردنەوەی ڕاستەقینە (هۆکار/زانیاری)

ئەمە کارلێکێک دروست دەکات لە نێوان خەیاڵی منداڵانە و واقیعی زانستی، کە یەکێکە لە گرنگترین میتۆدەکانی ئەدەبی منداڵانی هاوچەرخ.

ڕەهەندی پەروەردەیی و ئامانجی دەقەکە ئەوەیە ڕاستکردنەوەی هەڵە تێگەیشتنەکان (کەرۆشک نافرێت، گوڵەکە نافرێت)، هەروەها فێری منداڵ بکە کە جیاوازی بکات لە نێوان واقیع و خەیاڵدا پەرەپێدانی بیرکردنەوەی لۆژیکی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەمەش وا دەکات منداڵ چێژ و فێربوون کۆبکاتەوە.

دووەم: فێرکردنی ڕەوتی دروست

لەتیف هەڵمەت لە هۆنراوەی (باخچەی فێرگە)دا دەڵێت:

مامۆستا فێرمان دەکات
چۆن هەموو کات لە دوای کات
هەمیشە گشت تێکۆشین
بۆ بەختیاری و خۆشی ژین
هەر کەسێ تێنەکۆشێ
هەرگیز خۆشی نانۆشێ! (هەڵمەت: ل42)

دەقەکە پەیامێکی پەروەردەیی ڕوون هەڵدەگرێت کە بریتییە لە چاندنی بەهای هەوڵدان و کارکردن وەک ڕێگای گەیشتن بە خۆشی. هەڵمەت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ دروست دەکات لەنێوان تێکۆشین و خۆشی، کە ئەمە لەلایەن منداڵەوە بنچینەی پەیوەندیی هۆکار و ئەنجام دەچەسپێنێت، هەروەها دەقەکە بەهای بەردەوامی و پشتڕاستیی بەهێز دەکات بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەموو کات، دوای کات. لێرەدا فێرکردن تەنها گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی پەروەردەیی و بەهادارە، کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەدەبی منداڵان یەکدەگرێت.

لەتیف هەڵمەت لە هۆنراوەی (قوتابخانە)دا دەڵێت:

قوتابخانە زۆر خۆشە
مەڵبەندی بیر و هۆشە
ئەپیاڕێزم باخچەکەی
دەرگا وشوشە وپەنجەرەی
بەرد ناهاوم بۆ داری
پڕ لە گوڵ و هەناری
کاغەز و تووێکی قەڵەم
لە حەوشەدا تۆڕ نادەم
...
قوتابخانە گشت کاتێ ڕووناکیمان دەداتێ
فێرمان دەکا وریابین بۆ تەنگانە ئازا بین

فێرمان دەکا وشە و دەنگ بخەینە کار وەکو تفەنگ (هەڵمەت: 108)

دەقەکە دەربارەی قوتابخانەیە وەک شوێنێکی پەروەردەیی، کە تەنیا شوێنی فێربوون نییە، بەڵکوو ژینگەیەکە بۆ دروستکردنی بیر، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە بە "مەڵبەندی بیر و هۆش" ناوی دەبات و وەک سەرچاوەی ڕووناکی دەردەکەوێت.

دەقەکە چەندین پەیامی پەروەردەیی هەڵدەگرێت، گرنگترینیان:

- پاراستنی ژینگەی قوتابخانە: بەرد هەڵنەدان، کاغەز فڕێنەدان.
- گەشەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتی لە منداڵدا.
- بەهێزکردنی ڕێکخستنی و پاکی.
- ئازایەتی و وریابوون لە بەرامبەر تەنگانەکان.
- بەکارهێنانی وشە و دەنگ وەک ئامرازێکی باش بۆ دەربڕین.

دەقەکە ئەرکی فێرکارییەکی ڕوونی هەیە، چونکە:

- فێرکاریی زانستی پێشکەش دەکات (قوتابخانە مەڵبەندی بیرە).
- ڕاهێنانی ڕەفتاری دەکات (پاراستنی شوێنەکان).
- پەروەردەی مرۆیی بەهێز دەکات (وشە و دەنگ وەک هێز).

دەقەکە نموونەیەکی سەرکەوتووی شیعری فێرکاریی پەروەردەییە، کە ئامانجی چاندنی بەهای پاراستن، بەرپرسیارێتی، ئازایەتی و گرنگی زانستە، بە بەکارهێنانی زمانێکی سادە و وێنەی نزیک بە دنیای منداڵ.

سێیەم: تەندروستی و ژینگە

لەتیف هەڵمەت لە هۆنراوەی (زیانی جگەرە)دا دەڵێت:

جگەرە ناکێشم تاڵە
دوژمنی گەورەو منداڵە
جگەرە دەرد پەتایە
زەهری کوشندەی تیایە
باوکم جگەرە ناکێشێ
دووبارە لە هەموو ئێشێ
زۆر لەش ساغ و بیر وردە
مامەکەم جگەرە خۆرە
لاواز و ددان کلۆرە
هەمیشە نەخۆش و زەردە
گرفتاری سەد دەردە (هەڵمەت: 167)

دەقەکە پەیامێکی تەندروستی ڕوون پێشکەش بە دنیای منداڵان دەکات، کە بریتییە لە ئاگادارکردنەوە لە مەترسییەکانی جگەرەکێشان و کاریگەرییە خراپەکانی بە شێوەیەکی سادە بۆ منداڵان دەخاتەڕوو:

- وەسفکردنی جگەرە وەک ژەهری کوشندە ئاماژەیە بۆ ماددە زیانبەخشەکانی .
- پەیوەستکردنی جگەرەکێشان بە نەخۆشی و لاوازی (مامە: لاواز، نەخۆش، زەرد) ئاماژەیە بۆ کاریگەرییە جەستەییەکان وەک نەخۆشییەکانی سیستەمی هەناسەدان، کلۆربوونی ددان و لاوازی بەرگری جەستە، لە بەرامبەردا نموونەیەکی ئەرێنی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12624]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

(باوک) پێشکەش دەکات وەک مرۆڤێکی تەندروست و بیرپاک، کە چەمکی پاراستن بەهێز دەکات .

دەقەکە بەشێکە لە ئەدەبی هۆشیاریی تەندروستی بۆ منداڵان، چونکە ئامانجیەتی:

- چاندنی ڕەفتاری دووربوون لە جگەرەکێشان
- گەشەپێدانی هۆشیاری لە مەترسییەکان
- بەهێزکردنی چەمکی هەڵبژاردنی تەندروست لە منداڵدا

هەرچەندە سەرنجی سەرەکی دەقەکە تەندروستییە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە ژینگەش دەکات:

- جگەرەکێشان هۆکارێکە بۆ پیسبوونی هەوا
- دووکەڵەکە زیان بە کەسانی دەوروبەر دەگەیەنێت

بەشێوەیەکی گشتی دەقەکە نموونەیەکی کاریگەرە لە شیعری هۆشیاریی تەندروستی و ژینگەیی، کە ئامانجی پاراستنی منداڵانە لە زیانی جگەرە، بە پێشکەشکردنی وێنەی ڕوون لە کاریگەرییە خراپەکان و هەروەها بەهێزکردنی ڕەفتاری تەندروست.
لەتیف هەڵمەت لە هۆنراوەی (پاك و خاوێنی)دا دەڵێت:

منالێکم خاوێن و پاك
دانانیشم لەسەر خاشاك و خاك
جل و بەرگم پیس ناکەم
گوڵی باخچەم سیس ناکەم
بەرد لە چۆلەکە ناگرم
دەفتەرەکەم نادرم
....
قەڵەمەکەم ناشکێنم
هاوڕێکەم ناڕەنجێنم
یاری بە چەقۆ ناکەم
لەگەڵ کەس درۆ ناکەم (هەڵمەت: ل30)

دەقەکە ڕێنمایی گرنگی پەیوەست بە پاکوخاوێنی کەسی و تەندروستی جەستەیی منداڵ دەردەخات:
"منداڵەکەم پاک و باشە" ئاماژەیە بە گرنگی پاکوخاوێنی بۆ پاراستنی تەندروستی. پابەندبوون بە دەست نەدان یان یاری نەکردن بە شتە پیسەکان و هۆشیاری بۆ ڕێگرتن لە نەخۆشییە گوازراوەکان دەردەخات. نەشکاندنی قەڵەم یان ئازارنەدانی کەسانی تر ئاماژەیە بۆ دیسپلین و هەڵسوکەوتی دەروونی تەندروست، چونکە ڕێزگرتن لە موڵک و سەلامەتی کەسانی تر بریندار و ڕووداوەکان کەم دەکاتەوە.
دەقەکە هانی هەڵسوکەوتی دۆستی ژینگە دەدات بە پاراستنی سروشت و زیان نەگەیاندن بە ڕووەکەکان: من زیان بە گوڵێک ناگەیەنم لە باخچەکەم، هەروەها دەستکاری نەکردن بە لم و بەرد ژینگەی دەوروبەر دەپارێزێت و ڕێزی منداڵ لە سروشت زیاد دەکات. گرنگیدان بە پێداویستیەکانی قوتابخانە و نەشکاندنی قەڵەمەکانیش بەرپرسیارێتی بەرامبەر سەرچاوەکان دەردەخات.
دەقەکە هەڵسوکەوتی تەندروستی و ژینگەیی بە بەرپرسیارێتی تاکەکەسییەوە دەبەستێتەوە و منداڵەکە فێر دەبێت کە کرداری ڕۆژانەی کاریگەری لەسەر تەندروستی خۆی و تەندروستی کەسانی تر هەیە و چەمکی هۆشیاری و ڕێزگرتن بۆ خود، ئەوانی تر و سروشت بەرز دەکاتەوە.
شیعرەکە نموونەیەکی پەروەردەیی کاریگەرە کە ئەمانە کۆدەکاتەوە: چاندنی خووی تەندروست و پاکوخاوێنی کەسیی و فێرکردنی بەرپرسیارێتی بەرامبەر ژینگە و سروشت هاندانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی پۆزەتیڤ. ئەم دەقە بە ئامرازێکی گونجاو دادەنرێت بۆ پەروەردەی تەندروستی و ژینگەیی بۆ منداڵان لە قوتابخانە و ماڵەکان، چونکە بەها ئاکاری و ڕەفتارییەکان بە شێوەیەکی ڕوون و سادە پێشکەش دەکات.

ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:
1. لەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت کە ئەدەبی منداڵان، بەتایبەتی شیعر ئامرازێکی پەروەردەیی کاریگەرە کە یارمەتیدەرە لە بنیاتنانی کەسایەتیی منداڵ و گەشەپێدانی هۆشیاریی ئاکاری و پەروەردەیی.
2.شیعری منداڵانی لەتیف هەڵمەت مۆدێلێکی سەرکەوتووە لە بەکارهێنانی هونەر بۆ خزمەتکردنی پەروەردە و جەخت لەسەر گرنگی تێکەڵکردنی هەردوو لایەنی جوانی و پەروەردەیی دەکاتەوە لە دروستکردنی ئەدەبیاتی تایبەت بە منداڵان.
3. توێژینەوەکە دەریخستووە کە پەیامە پەروەردەیی و ئاکارییەکان لە هۆنراوەکانی لەتیف هەڵمەتدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەڕێی وێنە خەیاڵییەکان و ڕیتمی مۆسیقایی گونجاو بۆ جیهانی منداڵ دارێژراون و کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی منداڵ زیاد دەکات، کە یارمەتیدەر بووە بۆ گەشەپێدانی بەها پۆزەتیڤەکان لە منداڵدا، وەک بەرپرسیارێتی، هۆشیاری ژینگەیی، ڕێزگرتن لە کەسانی تر و پابەندبوون بە ڕەفتاری چاک.
4. شیعرەکانی خاوەن ئاواز و ڕیتمێکی جوانن و وێنەسازییەکی سادەیان هەیە، کە یارمەتی گەشەپێدانی هەست و چێژی هونەریی منداڵ دەدات و هانیان دەدات بۆ خۆشەویستی شیعر و خوێندنەوە لە تەمەنی زووەوە.
5. شاعیر هەوڵیداوە بەهای ئێستێتیکی و جوانی و گەمەی زمانی و تەکنیکی تازە لە ئاراستەکردنی پەیامەکاندا بگرێتەبەر، ئەمەش وای کردووە لە پاڵ پەیامە پەروەردەیی و ئاکارییەکاندا منداڵ چێژ و حەزی خوێندنەوەی بۆ دەقەکانی زیادتر بێت.
6. بەکارهێنانی توخمەکانی سرووشت و ئاژەڵ و ژینگەی دەوروبەری منداڵ لە بەرهەمەکانی شاعیردا وای کردووە دەقەکان نزیکتر بن لە ژیانی ڕۆژانە و حەز و ئارەزووەکانیان.

لیستی سەرچاوەکان

- ابراهیمی، جعفر (1389)، ادبیات کودك و نوجوان، شرکت چپ و نشر کتابهای درس ایران، تهران.
- بەرزنجی، ئەحمەد سەید (2010)، ئەدەبی منداڵان لە گۆڤاری گەلاوێژدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- راغب، نبیل (بدون تاریخ النشر) علم نفس أدب الأطفال، القاهرة، دار غریب.
- زلط، أحمد (1997) *الادب الأطفال بین النظري والتطبیقي*، قاهیره، دارالمعارف.
- عبد الله، محمد حسن (2001) أدب الأطفال: مصادره وتطوره وإشکالاته، القاهرة، دار الکتب المصریة.

- فەرهادی، حەمە صالّح (2013) پێگەی شیعری منداڵان لە شیعرانی کورد، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کورد، هەولێر.
- القلماوي، سهير(1988) *دراسات في أدب الأطفال*، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
- نجيب، أحمد (1991) *أدب الأطفال: علم وفن*، دار الفكر العربي، القاهرة.
- هلال، محمد غنيمي (1973) *النقد الأدبي الحديث*، دار نهضة مصر، القاهرة.
- هەڵمەت، لەتیف (2013) دیوانی منداڵان شیعر و چیرۆك بۆ منداڵان، چاپخانەی کارۆ، چاپی سێیەم، کەرکوك.
- هەورامی، حەمە کەریم (2010) مەرجە گشتییەکانی ئەدەبی منداڵان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 160.
- وطفة، علي اسعد (409) أصول التربية، مجلس النشر العلمي، كويت.
- يوسف، عبد التواب (1994) أدب الأطفال، دار المعارف، قاهره، طبع الثانى.
- Hunt, Peter(1995), Children's Literature: An Illustrated History, Oxford University Press.

Abstract

The aim of this research is to investigate the educational and moral messages of children's poetry in the poems of the poet (Latif Helmet), which is considered to be one of the main components of children's personality development in terms of cognitive, behavioral and emotional. The study is based on the assumption that children's poetry is not limited by the poet to the dimension of beauty and joy, but has a clear educational and moral function, contributing to the construction of value systems in the child in a simple and effective artistic way.

From an educational point of view, the poet's poems play an important role in reducing fear, stress, and negative feelings, because children can express their feelings through poetry and songs .

The method of this research is content analysis method, which reads specific samples of the poet's texts addressed to children and analyzes their educational and moral content such as: values of honesty, cooperation, respect for others, love of nature and human intimacy. One of the most important findings of the study is that Latif Helmet's children's poetry is a successful model of using art to serve education and emphasizes the importance of combining both aesthetic and educational aspects in creating literature for children.

Keywords: Education, Ethics, Children's Poetry, Latif Helmet

ملخص

تهدف هذه الدراسة إلى استكشاف الرسائل التربوية والأخلاقية في شعر الأطفال للشاعر (لطيف هلمت)، الذي يُعدّ أحد المكونات الأساسية لنمو شخصية الطفل من النواحي المعرفية والسلوكية والعاطفية. وتستند الدراسة إلى فرضية أن شعر الأطفال لا يقتصر، في نظر الشاعر، على بُعد الجمال والبهجة فحسب، بل له وظيفة تربوية وأخلاقية واضحة، تُسهم في بناء منظومة القيم لدى الطفل بطريقة فنية بسيطة وفعّالة.

ومن منظور تربوي، تُؤدي قصائد الشاعر دورًا هامًا في تخفيف الخوف والتوتر والمشاعر السلبية، إذ يُمكن للأطفال التعبير عن مشاعرهم من خلال الشعر والأغاني.

وتعتمد هذه الدراسة على منهج تحليل المحتوى، حيث يتم قراءة نماذج محددة من نصوص الشاعر الموجهة للأطفال وتحليل محتواها التربوي والأخلاقي، مثل: قيم الصدق، والتعاون، واحترام الآخرين، وحب الطبيعة، والألفة الإنسانية. من أهم نتائج الدراسة أن شعر الأطفال للكاتب لطيف خوذة يُعد نموذجًا ناجحًا لاستخدام الفن في خدمة التعليم، ويؤكد على أهمية الجمع بين الجوانب الجمالية والتعليمية في أدب الأطفال.

الكلمات المفتاحية: التعليم، الأخلاق، شعر الأطفال، لطيف خوذة.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12624]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]